وەزیری دەرەوە لەگەڵ نوێنەری یەکێتی ئەوروپا بە ناوچەی کەنداو تاوتوێی سەردانەکەی بە قاهیرە دەکات

د.فواد حسێن" جێگری سەرۆک وەزیران و وەزیری دەرەوە لەگەڵ "لویجی دی مایە" نوێنەری تایبەتی یەکێتی ئەوروپا بە ناوچەی کەنداو سەردانەکەی بە قاهیرە و بەشداریکردن لە کۆبوونەوەی خولی 161ی کۆمکاری عەرەبی تاوتوێ کرد.

لە بەیاننامەیەکی وەزارەتی دەرەوەدا هاتووە:- "د.فواد حسێن" جێگری سەرۆک وەزیران و وەزیری دەرەوە لە پەراوێزی سیمین کۆبوونەوەی دیپلۆماسی ئینتالیا ،چاوی کەوت بە "لویجی دی مایە"نوێنەری تایبەتی یەکێتی ئەوروپا بە ناوچەی کەنداو و لە میانی دیدارەکدا هەڵسەنگاندن بە دۆخی ناوچەکە کرا، بەتایبەت شەڕی غەززە و کاردانەوەکانی لەسەر وڵاتانی ناوچەکە و هەموو جیهان.

هەروەک باسیان لە سەردانی داهاتووی وەزیری دەرەوە کرد بە قاهیرە بە بەشداریکردن لە کۆبوونەوەکانی خولی 161ی کۆمکاری عەرەبی.

وەک بەیاننامەکە ئاماژەی پێداوە:-لای خۆیەوە "دی مایە "باسی لە هەوڵستەکانی وڵاتانی ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا کرد لەسەر پرسە جیاوازەکان و نیگەرانیەکانیان لە دۆخی ناوچەیی و نەودەوەتیە،هەروەک خواستی خۆی بە ئەنجامدانی سەردانێک بە عێراق لە داهاتوودا دەربڕی .